# Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê - Kurdistan National Congress

KNK

KONGRA NETEWIYA KURDISTAN
1999

*Information File*

**دۆسیەی زانیاریی**

بۆ گەیشتن بە ئاشتیی و دیموکراسیی لە تورکیادا پێویستە دابڕاندنی عبدوڵا ئۆجەلان بە زوویی کۆتایی پێ بێت

**کانونی دووەمی 2019**

*Kurdistan National Congress (KNK) Rue Jean Stas 41, 1060 Brussels, Belgium*
*www.kongrakurdistan.net E-Mail: kongrakurdistan@gmail.com*
*Telephone 0032 2 647 30 84, Fax 0032 2647 6849*

**بۆ گەیشتن بە ئاشتیی و دیموکراسی لە تورکیادا پێویستە دابڕاندنی عبدوڵا ئۆجەلان بە زوویی کۆتایی پێ بێت**
کانونی دووەمی 2019

عەبدوڵا ئۆجەلان ئەو ڕێبەرەی گەلی کورد کە لە ساڵی 1999 لە زیندانی هەرە پارێزراوی جۆری (ف) ی ئیمرالی زیندانی کراوە، لە 27ی تەمموزی 2011 ـەوە ڕێگەی پێ نەدراوە پارێزەرەکانی ببینێت. هەروەها لە ساڵی 2015 بە دواوە ئەندامانی خانەوادەکەی تەنها یەک جار، لە 11ی ئەیلولی 2016، دا ڕێگای سەردانکردنیان پێ دراوە.
لە مێژووی 21ی تەممووزی 2016 ـەوە {دادگای جێبەجێکاری (باڵا)ی بورسە ژمارە 1} لە تورکیادا باری نائاسایی (کتوپڕی) ڕاگەیاند، کە وەک زیندانیەکی سیاسیی تێیدا هەموو مافە بنەڕەتیەکانی لێ سەندراوەتەوە. هەموو شێوازەکانی پەیوەندیکردن، لە نێویاندا نامەی کاغەز و نامەی فاکس و پەیوەندی تەلەفۆنیی، لێ قەدەغەکراوە بە رەهایی و بێ هیچ ڕیزپەڕێک. ئەو مامەڵەی دابڕاندنەی ئیمرالی بە ڕێکی و بەردەوام گەیەندراوەتە لای {کۆمیتەی قەدەکردنی ئەشکەنجەدان )CPT.{(
**گرینگیی ئۆجەلان بۆ ئاشتیی و دیموکراتیی لە تورکیادا**
ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجەلان متمانەیەکی دیار و بەرچاوی لەناو کۆمەڵگای سڤیلی تورکیادا بەدەست هێناوە، بە هۆی ئەو ڕاستگۆیی و تیڕووانینانەی بۆ هەموو هاوولاتیان هەیەتی، و دەستپێشخەرییەکانی کاتی پرۆسەی ئاشتیی نێوان 2013 - 2015، هەروەها لەگەڵ ئەو چارەسەرە کرداریی و گونجاوانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان دەیخستنە ڕوو.
ئەو کۆبوونەوانەی نێوان ئۆجەلان و نوێنەرانی حکومەتی تورکیا ئەنجام دەدران بوون بە هۆی ماوەیەک لە ئاگربەست، و دروستکردنی کەشێکی سیاسی بۆ گفتوگۆ دەربارەی چارەسەر و پلاتفۆرمێکی کۆمەلایەتیی سیاسیی فرە، و پرۆسەیەکی لێبوردەی هێنایە کایەوە. هەموو ئەم فاکتەرانە پێویستیی بە پەلەن بۆ تورکیا. بەداخەوە ئەم دەرفەتانە بە هۆی هەلپەرستیی سیاسیی و شۆڤۆنیزمی نەتەوەییەوە بە فیڕۆدران. ئەمڕۆ زیندووکردنەوەی بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئۆجەلان گرینگن و نابێت لە بیر بکرێن. ئەو لێپرسراوێتیەش دەکەوێتە سەر شانی ڕۆشنبیرانی گەل و چالاکوانانی سیاسیی دیموکراتخواز و ڕۆژنامەنووسان و ڕابەرانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بۆ وەبیر هێنانەوەی خەلک لە تورکیا و هەروەها لە جیهاندا، کە چوارچێوەیەکی تری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بۆ تورکیا دەشێت.
پرۆسەی ئاشتیی کە لە دوورگەی ئیمرالی درێژەی کێشا تا نیسانی 2015، لە تەممووزی 2015 ـەوە شەڕێکی خوێناوی جێگای گرتەوە. لەم مێژووەوە لێدانێکی گەورە لە گۆتوبێژ و گفتوگۆ سیاسییەکان و فرەلایەنیی و مافە بنەڕەتییەکان درا.
هەندێک ڕەنگە بپرسن: بۆ ئۆجەلان، بۆ کەسێکی تر نەبێت؟ لە سیاسەتدا دروستبوون و پێگەیشتنی سەرکردە لە قۆناغێکی مێژوویدا ڕوو دەدات، کاتێک ئەوانەی دەردەکەون بە کاروکردەوە و بیروڕا و باوەڕیان ڕێز و ناوبانگ لەناو خەڵکدا پەیدا دەکەن. ئەوانەی هەوڵ دەدەن جێگرەوە بۆ ئەم سەرکردانە دروست بکەن کارەکانیان بێهوودەیە. بەڕێز ئۆجەلان خاوەن سامانێکی گەورەی شارەزاییە لە سیاسەتدا، و لە ساڵی 1993ـەوە لە لێکۆلینەوە و توێژینەوەی بنچینەییدا بۆ ئاشتیی قوڵ بووەتەوە. لە ڕێگای نووسینەکانییەوە نیشانی داوە کە وەکوو بیرمەندێکی نێو خەڵک خاوەن جیهانبینیی و تێگەیشتنێکی سیاسییە کە دەتوانن داڕێژەری شێوەی ئایندەی تورکیا و هەموو هاوولاتیەکانی بێت.
زۆر لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵیان لە دروستکردنی ئاشتیدا هەبێت، بەڵام سەرکردەی داهێنەری ئاشتیی شتێکی ترە. لەبەرئەوەیە کە بێ ئۆجەلان هیچ ناتوانێت ڕوو بدات، وە ئەوەش وەهایە. بەدرێژکردنەوەی دابڕاندنی ئۆجەلان لە ئیمرالی، کێشە بنەڕتییەکان لە تورکیا چارەسەر نابن.
بەرزبوونەوەی توندی ئاڵۆزییەکان هاوکاتبوون لەگەل تەواو دابڕاندنی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد، عەبدوڵا ئۆجەلان، کە لە ژووری زیندانە تاکەکەسیەکەیەوە لە دوورگەی ئیمرالی ڕۆڵگێڕێکی گرینگ و دەنگێکی بەردەوامە بۆ داوای ئاشتیی.
**دوورگەی زیندانی ئیمرالی**
دوورگەی ئیمرالی زیندانێکی لە ئاستی باڵادا پارێزراوی جۆری (ف) کە لە کاتی کۆماری تورکیادا لە گەرووی بسفۆر لە ناو دەریای مەرمەرە دامەزراوە. ئەم زیندانە دوور لە هەموو مافە بنچینەییەکان و ئازادی بەڕێوە دەبرێت، دوور لە بنەما گەردوونیی و دیموکراتیی و بەها پێوانەییەکان (ستانداردەکان). دوای هەوڵێک بۆ کودەتا دەرگا بۆ ئەو بریار و ڕێسایانە کرایەوە کە بێ پێوانەی یاسایی لە ئیمرالی لە ساڵی 2005 ـەوە جێبەجێ دەکران و هەروەها بەسەر هەموو وولاتدا سەپێنران. ئەمانە وەک: قەدەغەکردنی سەردانی یاسایی گیراوان، دیاریکردنی کاتی بینینی نوێنەری یاسایی، ئامادەبوونی نوێنەری فەرمیی دەوڵەت کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانیی و نوێنەرە یاساییەکەی، زەوتکردنی بەڵگەی یاسایی و تۆمارکردنی دیدەنی نوێنەرە یاساییەکان. ئەم رەفتارانە لەگەڵ ئەوەشدا کە بنەمای یاساییان نییە لە ئیمرالی لە نێوان حوزەیرانی 2005 تا 27 ی تەممووزی 2011 جێبەجێ دەکران. داڕشتنی ئەم پێوانانە و بە یاسایی کردنیان بە بریاری فەرمیی دوای تەممووزی 2016 هاتنە کایەوە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەم رەفتارانە لە ڕاستیدا نایاسایی بوون و دوورگەی ئیمرالی هەمیشە لە ژێر سایەی دۆخی لە تەنگاویی نائاساییدا بەڕێوە دەبرێت.

ئازادکردنی ئۆجەلان وەک هەنگاوی بنەڕەتیی بۆ چارەسەری کێشەکە پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە. بەردەوامبوون لەسەر بێدەنگکردن و دابڕاندنی ئۆجەلان، بەردەوامبوونە لەسەر پشتگوێخستنی کێشەی کورد لە تورکیادا، نوشووستیە لە هەنگاونانی کۆنکرێتیی بەرەو چاکسازی سیاسیی و دیموکراتیزەکردن. سەرنەکەوتن لە دیاریکردنی ئەم بابەتەدا بەشێوەیەکیی مرۆیی و لەسەر بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتیەکان و بەهاکانیان، تورکیا دەخاتە بەر ئەو تێڕووانینەی کە خواست و ویستی بۆ بەرزڕاگرتنی مافە گەردوونیەکانی مرۆڤ نییە.

**لەیلا گوڤەن**

)، هەروەها پارلەمێنتاری پارتی گەلانی دیموکرات DTKلەیلا گوڤەن، هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک ( ) بووە و وەک شارەدار خزمەتی کردوە. لەسەر رەخنەگرتنی لە هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر شاری ئەفرین لە HDP( باکووری سوریا و هەڵوێستەکانی تری وەک سیاسەتمەدارێکی کورد بەهۆی نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەکەیەوە لە تورکیا لە 22ی کانونی دووەمی 2018 دەستبەسەر کراو بە سزای 31ساڵ و شەش مانگ لە زینداندایە.

کاتی سێهەم گوێگرتن لە کەیسەکەی لە دادگای دیاربەکر لە 7 تشرینی دووەم، لەیلا گۆڤەن گوتی: "ئەمڕۆ سیاسەتی دابڕاندن تەنها لەسەر بەڕێز ئۆجەلان نییە، بەڵکو لەسەر هەموو ئەو خەڵکانەیە کە لە کەسی ئەو دان. دابڕاندن تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیی. منیش یەکێکم لەو خەڵکە. من دەست دەکەم بە مانگرتن، بە خۆبرسیکردنی بێ کۆتایی، وەک ناڕەزایەتیەک لە دابڕاندنی بەڕێز ئۆجەلان. من لەمەودوا هیچ بەرگریەک بە دادگا پێشکەش ناکەم. من بەردەوام دەبم لە ناڕەزایەتیەکانم تا دادگا کۆتایی بە بڕیارە نایاساییەکانی دەهێنێت و سیاسەتی دابڕاندن کۆتایی پێ دەهێنرێت. خۆ ئەگەر پێویست بوو ناڕەزاییەتیەکانم دەکەم بە مەرگی مانگرتن بەخۆبرسیکردن".

**بڵاوبوونەوەی مانگرتن بە خۆبرسیکردنی بێ کۆتایی**

چالاکیی مانگرتن بە خۆبرسیکردن لە ناوەوە و دەرەوەی زیندانەکان بڵاوبووەوە، بە بەشداریکردنی خەلک لە هەموو جیهانەوە، و بە دروشمی"داواکانی لەیلا گوڤەن داوای ئێمەیە". بێ لە زیندانیە سیاسیەکان لە تورکیا و کوردستانِ، کوردان و هاوڕێیانیان لە هەموو جیهانیشدا دەستیان بە هاوکاری مانگرتن بە خۆبرسیکردن و خۆپیشاندان و داواکاری کرد.

)، مانگرتن بە خۆبرسیکردنی بێ کۆتایی لە 23 زینداندا لەلایەن 91 زیندانیەوە MAبەپێی وتەی دەزگای میزۆپۆتامیا ( ئەنجام دراوە.

**8ی تشرینی دووەم 2018**

1 کەس لە زیندانی داخراوی جۆری (د) ی دیاربەکر.

**16 کانوونی یەکەم 2018**

- زیندانی داخراوی گبزەی ژنان: هاجر خلیل یوسف، روشان بۆزان، ئۆزەم ئۆزدەمیر، ئایتن گولسوم، و ئۆزلەم سۆیلەر.
- زیندانی داخراوی کاندیرا جۆری (ف) ژمارە 1: ئیبراهیم کایا، ئوموت چاملیبل، یوسف بەشاران، گوڤەن سوڤەریۆغلو، ردڤان گوڤەن، نەجلە ئاتاک.
- زیندانی داخراوی پاتنۆس جۆری (ل): مهمت بووزداغ، جەنگاڤەر ئایکول، ئاتیلە جۆشکون ئۆزەر، ئۆمەر کابول، عەبدوڵا کزلکایا.
- زیندانی داخراوی ئەلازیغ ژمارە 1: مەتین سەرهات، هارون ئالکان، موسا جەندەمیر.
- زیندانی داخراوی جۆری (د) ی دیاربەکر: سەرجان گوموش، ردڤان کایا، نیمەتوللا جنکلیچ، هەیلتی ئوزمان، جونەیت ئەسلان.
- زیندانی داخراوی جۆری (ف) وان: جیهان تامور، بایش کاهرەمان، شاهین ئۆنجو، ئەزیم سۆکەمەن، بەهتیار کەمال حەسەن.
- زیندانی داخراوی بەکرکۆی ژنان: ئەسما باشکالە،بەلگین کەنات، زۆزان کوتوم، رەیهان جۆشموشلو.
- زیندانی داخراوی جۆری (ی) ی دیاربەکر: لەیلا گوڤەن، ئەڤین کایا، کبریە ئەڤرەن، هلال ئۆلمەز.
- زیندانی داخراوی جۆری (ت) ی ترابزون بەشیکدوزو: ئەلی بیکداش، دلگەش یەشار، ئەبدوڵڵە ئایدن.

**17 کانوونی یەکەم 2018**

- زیندانی ژمارە 2ی تەکیرداغ جوری (ف): ئەهمەت ئۆسمان، سەیهان کورت، یاکوپ کایماز.
- زیندانی داخراوی کاندیرا جۆری (ف) ژمارە 2: سادەتین یشار، توران گونانە، مەسوت ئاتیش.
- زیندانی داخراوی ئەدرنە جۆری (ف): رەمەزان چەپەر، زەردەشت ئۆدینجو، ئادەم ئەرسلان.

**20 کانوونی یەکەم 2018**

- زیندانی بورهانیە جۆری (ت): چوار ژن.

**26 ی کانوونی یەکەم 2018**

- زیندانی داخراوی ئۆدەمیش جۆری (ت): ئوگور چیچەک، ئەبدولرەحمان یەلماز، مەهمەت کاپڵان، سەرهات گوزەل.

• زیندانی داخراوی ئیزمیر (ئەلیاغا- شەکران) جۆری (ت) ژمارە 2: مەهمەت دوراک، تانجو یلدرم، نیهات ئیکمەز، یاکوپ گونەش، رەمەزان ئەتەلای.
• زیندانی داخراوی ئیزمیر (ژنان): رەهشان ئایدن. ئیبرۆ گودەن، گولتەن ئاکگون.
• زیندانی داخراوی کیرکلەر جۆری (ف) ژمارە 1: ئەردال پۆلات، ئەبدوللا ئۆال، سامی ئۆزتورک.
• زیندانی داخراوی کیرکلەر جۆری (ف) ژمارە2: ئۆزان ئەلپکایا، هالس داگهان.
• زیندانی تەکیرداگ جۆری (ف) ژمارە 1: سنان چلیک، ریدڤان توران، بورهان باروت، ئەرهان ئایدن، ئەلی ئیلهان بایەر.
• زیندانی تەکیرداگ جۆری (ف) ژمارە 2: سەردار شاهین، ئەهمەت سورمآ، ئەمیت ئەکگوموش، ئەهمەت ئاریف یۆیلەر، رۆگەر تیرەج ئۆزالپ.
• زیندانی سیلیڤری ژمارە 5: زەفەر ساگلەم، ئەبدولسەلام ئاکدۆگان، هەمزە دۆگرول، یوسف بایرەم، هەلیل ئای، شیار یلدیرم.
• زیندانی سیلیڤری ژمارە 9: سەیهان چیچەکلی.
• زیندانی داخراوی کیریکالی جۆری (ف): سەدات ئەلچیچەک، ئیسا ئیپەکلی، داڤود ئۆندەر، ئیمرا ئوبیک، کەرەم ئیمراک.
• زیندانی داخراوی بەفرا جۆری (ف): ئەبدوللەتیف تەیمور.
• زیندانی داخراوی دوزجە جۆری (ت): سولەیمان بەنزەر، مەهمەت ئەربەی.

**28ی دیسەمبەر (کانونی یەکەم)ی 2018**
• 12 گیراوی زیندانی کیریکالی 29 رۆژ بەردەوام بوون لەسەر مانگرتنی خۆبرسیکردن، ئاشکرایان کرد کە لە مێژووی 28ی دیسەمبەرەوە بەردەوام دەبن لەسەر مانگرتنی بێ کۆتایی.
**هەولێر ( باشوری کوردستان ، عیراق)**
ناسر یەگیز
ناسر یەگیز خەڵکی باکووری کوردستانە (تورکیا)، لە مانگی ئابی 2016 ـەوە لەسەر چالاکی سیاسی گیرا و زیندانی کرا و ئازاد نەکرا تا شوباتی 2017. دوای ئەوەی کە یەکەم جار ئازاد کرا، پێنج جاری تر دەستگیر کرا و بەر دەدرا تا دوا جار لە شوباتی 2018دا بڕیاری گرتنی درا. زۆری لێکرا کە بڕووات بۆ باشووری کوردستان (ئێراق). یەگیز لە سەر ) و ئەندام لە نوێنەرایەتی هەولێر بەردەوام بوو، و HDPچالاکییە سیاسیەکانی وەک ئەندامێکی پارتی دیموکراتی گەلان ( لە 21ی تشرینی دووەمی 2018وە، لە مانگرتنێکی بێکۆتایی برسیبووندایە.
لە لێدوانێکیدا یەگیز دەڵێت "دیکتاتۆریەتێکی فاشیست هەوڵی رەگ داکوتان لە تورکیادا دەدات. یەگیز بەردەوام دەبێت و دەڵێت "ئەگەر هێزە دیموکراسیەکان یەکگرتنێکی بنچینەیی بهێننە کایەوە، ئەوجا دەتوانرێت رێگری لە فاشیزم بکرێت. لە ئەم رێگەیەدا، مانگرتن بە خۆبرسیکردن پەیامێکی مێژوویی و بوار کردنەوەیە، کاتێک بە شێوازی جۆراو جۆری خەبات پێشوازی کۆمەڵایەتی لێ دەکرێت و دەوڵەمەند دەکرێت. حوکمی ئیمرالی بە هەموو شێوە و تێڕووانینە نێودەوڵەتییەکان حوکمێکی نامرۆڤانەیە. هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکان لە تاوانەکانی ئەم رژێمەدا هاوبەشن. زیندانی ئیمرالی لە دەرەوەی عورف و یاسا گەردوونیەکانەوە، لەرێگای بەربەریەت و چەتەبازییەوە، بەڕێوە دەبرێت".
**ئیمام شیش، نیوپۆرت (ویلز)**
ئیمام شیش چالاکێکی سیاسیە کە پێنج ساڵە گەیشتوەتە ویلز، لە 17ی دیسەمبەری 2018 ـەوە دەستی بە مانگرتنی بێکۆتایی برسیبوون کردوە. لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت "ئێمە دەمانەوێت عەبدوڵا ئۆجەلان ئازاد بکرێت. ئەو هیچ هەڵەیەکی نەکردوە )، دادگای ئەوروپا بۆ ECPTتەنها بیری لە خەڵک کردووەتەوە. کۆمیتەی ئەوروپی بۆ رێگرتن لە ئەشکەنجەدان ( )، یان یەکێک لە نوێنەرە یاساییەکانی پێویستە پەیوەندی بە ئۆجەلانەوە بکەن ".ECHRمافەکانی مرۆڤ (

**مانگرتنێکی بێ کۆتایی و نەگۆڕی برسیبوون لە ستراسبۆرگ**
لە17ی دیسەمبەری 2018وە، 14 سیاسەتوانی کورد لە ستراسبۆرگ دەستیان بە مانگرتنێکی بێ کۆتایی و نەگۆڕی برسیبوون کرد. لە لێدوانێکیاندا گوتیان:
"لەگەڵ دابراندنی ڕابەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجەلان، سیاسەتی شەڕی ئەردۆگانی دیکتاتۆر، لەگەڵ حکومەتی )، شەڕانگێزتر بووە. لەکاتێکدا تەواوی بەرهەڵستکارانی دیموکراتخواز و AKP/MHPفاشیستی ئاکەپە/مەهەپە ( شۆڕشگێر ڕووبەڕووی سەرکوپکردنێکی زۆر بێبەزەییانە دەبنەوە. سیستمی دابڕاندنی ئیمرالی باڵی بەسەر هەموو وڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە. ئێمە دەبێت ئەم دابڕندنەی سەر ئیمرالی بشکێنین، کە پێویستە بۆ دڵنیابوون لە پێشکەوتنی ئازادیی و دیموکراسیی لە تورکیادا، بۆ وەستاندنی کۆمەڵکوژییەکانی رژێمی ئەردۆگان لە کوردستان، بۆ بڵاوکردنەوەی ئازادیی و دیموکراسیی لە ناو هاووڵاتیاندا و بۆ چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی هەیە بە ڕێگای گۆتوبێژ. ئێمە سەری ڕێز

) لەیلا گوڤەن دادەنەوێنین.ئەو مانگرتنی برسیبوونەی DTKو نەوازشمان بۆ هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی (
لە ناوەوە و دەرەوەی زیندانەکاندا ئەنجام دەدرێت دەنگی داوەتەوە، بەڵام {کۆمیتەی ڕێگرتن لە ئەشکەنجەدان،
)}هەروەها دەزگاکانی تر، پێویستە بێدەنگی خۆیان دەربارەی رەوشی CPTسووکایەتیپێکردن و سزادانی نامرۆڤانە (
عەبدوڵا ئۆجەلان بشکێنن. ئێمە دەبێت ئەو دابڕینە لە پێناو گەیشتنی گەلی کوردستان و تورکیا بە ئازادی بشکێنین، و بۆ
ئەوەی شەڕ بووەستێت. ئەم پرۆسەیە بەهاو قوربانی پێویستە، لەبەر ئەم هۆیە ئێمە دەچینە مانگرتنێکی بێ کۆتایی و
نەگۆڕی برسیبوونەوە".

**کار بۆ ئاشتی و دیموکراسی لە تورکیا**

دابڕاندنی عەبدوڵا ئۆجەلان و بە تاوان ناساندنی هەر دەربڕین و چالاکیەکی سیاسیی کوردان، تورکیا بەرەو فاشییزمیەکی
نوێ و بەربەریەت دادەبەزێنێت. ئێمە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵتی دەکەین دەنگ بەرز بکاتەوە، هەروەها داوا لە
) دەکەین کە چاوپێکەوتن لەگەڵ حکومەت لە تورکیا بکەن CPTکۆمیتەی ئەوروپا و کۆمیتەی ڕێگرتن لە ئەشکەنجەدان (
و داوای کۆتایی هێنان بە دابڕاندنی ئۆجەلان بکەن.

CPT ی ئوروپا بنووسن. تکایە داوا لە CPTداواتان لێ دەکەین لەم قۆناغە گرینگەدا بۆ کۆمیتەی ئوروپا و کۆمیتەی
بکەن کە بە زوویی بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست لەسەر رەوشەکە و لابردنی هەر دوودڵیی و گومانێک دەربارەی
ئاسایش و باری تەندروستیی و باشیی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان بکەوێتە کار.

پشتگیریتان کۆمەک بە هاوپشتیی هەموو ئەو سیاسیی و زیندانیانە لە مانگرتنی برسیبووندان، دەکات، کە کارێکی
گیانفیدایانەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی تورکیا لە نابووردەیی و بە هیچ دانەنان و رەگەزپەرستیی، و رەتکردنەوەی
داوای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد.

بۆ پێوەندیی کردن:


CPT- Council of Europe
F- 67075 Strasbourg Cedex ،Tel +33 (0)3 88 41 22 79 Fax +33 (0)3 88 41 27 72
Executive Secretary of CPT ،Mr. Regis BRILLAT ،E-Mail: Regis.BRILLAT@coe.int

Head of Division for Turkey of CPT ،Mr. Michael NEURAUTER
E-Mail: Michael.NEURAUTER@coe.int

Secretary General of the Council of Europe
Mr.Thorbjorn Jagland
67075Strasbourg Cedex/ France
E-Mail: private.office@coe.int and thorbjorn.jagland@coe.int
Fax: +33 388 412 799